پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق
كوردستان ـ هەولێر
لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە
ژمارە:
رۆژ:



Iraqi Kurdistan
parliament
Kurdistan - Erbil
NO:
DATE:

## بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

### بابەت/ راپۆرتی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لەسەر بودجەی ٢٠١٢

**لە بەرواری ٢٠١٢/٥/٢٢ لیژنەی تەندروستی وژینگە لە پەرلەمانی كوردستان بۆ مەبەستی ئامادەكردنی راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە بودجەی هەرێمی كوردستان ساڵی ٢٠١٢ دانیشتنی خۆی ئەنجام دا و سەرنج و تێبینیەكانی لیژنە سەبارەت بە بودجە لەم خاڵانەی خوارەوە دیاری كرا :**

**١. سەبارەت بە میزانیەی وەگەرخستن (تەشغیلی ) رێژەكەی كەمی كردووە لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی وەزارەتێكی خەدەمی گرنگ وهەستیارە ساڵی پار بودجەی وەگەرخستن ٥،٦٧ بووە كە چی ئەم ساڵ ٤،٩٨ لەگەڵ ئەوەی ساڵی پار ئەم بودجەیە وەك پێویست نەیتوانیوە خزمەت بەرەوشی تەندروستی بكات لە هەرێمی كوردستان ،ئەمەش پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتیەكانە كە رێژەی پەسەند ٧-١٠٪ لە میزانیەی وولات بۆیە پێشنیاردەكەین ئەم رێژەیە زیادبكرێ.**

**٢. میلاكات بۆ ئەم وەزارەتە زۆر كەم دیاری كراوە كە ٢١٥٠ كەسە لەگەڵ ئەوەی بنكە تەندروستیەكان ونەخۆشخانەكان بەردەوام لە زیادبووندان و دەرچووانیش بۆ بەشە هەمەلایەنەكانی تەندروستی بەردەوام لە دەرچوون دان بۆیە پێشنیاز دەكەین میلاكاتی وەزارەتی تەندروستی زیاد بكرێ بۆ ٣٠٠٠ كەس .**

٣. سەبارەت بە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی تەندروستی تەنها (١٢) پرۆژە بۆ تەندروستی دیاری کراوە کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە , بەشێکیش لەم ١٢ پرۆژەیە تەنها بنکەیەکی تەندروستی یە کەواتە ئەم ١٢ پرۆژەیەش پرۆژەی گەورە و ستراتیجی نین لە کاتێکدا زۆر. پێویستیمان بەو جۆرە پرۆژانە هەیە لەسلکی تەندروستی .

٤.بودجەی تەندروستی لە میزانیەی گشتی ڕێزبەندی (٦) وەردەگرێت و لەگەڵ خودی دام و دەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی کە وەزارەتێکی تەواو خەدەمیە ناگونجێت و ستانداری وولاتانی هەژاری شکاندووە.

٥.دوو نەخۆشخانەی زۆر کۆن لەشاری هەولێر هەن کە بەهێچ شێوەیەك گونجاو نین بۆ چارەسەری نەخۆش و شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانیشە بۆیە پێویستە دوو نەخۆشخانەی دیکە لە جێگای ئەوان دروست بکرێت و بخرێنە پرۆژەکان لەسەر داهاتی نەوت بۆ ئەم ساڵ.

٦.سەبارەت بە دەرماڵە ومووچە لە وەزارەتی تەندروستی دەبێت جیاکاری وجیاوازیەکان نەهێلدرێن ویەك بخرێت و لەگەڵ حکومەتی ناوەند هاوتا بکرێت .

٧. سەبارەت بە هەندێ پرۆژە کە لەبەردەوامەکان دووبارە دەبنەوە و تەواویش بوون ئەمە کاریگەری لەسەر پرۆژەکان بە گشتی پرۆژەی پیشنیارکراوەکان بە تاییەتی هەیە.

٨. لە بودجەی ٢٠١١ بریار درا داهاتی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بەهەموو فەرمانگەکانیەوە کە بەدەستی دەهێنێت بخرێتە سەر بودجەی ئەو وەزارەتە بەمەبەستی کرینی دەرمان و خەرجی چاککردنەوە بەلاّم کێشەی کەمی دەرمان لە بنکە ونەخۆشخانەکان بەرێژەیەکی زۆر بەدی دەکرێت .

٩. دەبوایە حکومەتی هەرێم پرۆژەی دروستکردنی کۆگایەکی پاراستن و خەزن کردنی دەرمانی لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان پەسەند بکردایە چونکە ئەمە کێشەی دەرمان لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی بەکۆتا دێنێت و وەزارەتی تەندروستی لەجیاتی ١٧٪ ی دەرمان داتوانێت خۆی دەرمان بکرێت .

١٠.منافعی اجتماعی هاولاَتیان زۆر بەکەمی سوودی لیَ وەردەگرن بۆیە  پیَمان باشە بۆ پرۆژەی تری وەزارەتی تەندروستی بەکار بێت و ریَژەکەی کەم بکرێتەوە   وبخریَتە سەر ( پرۆژەی صندوقی نەخۆشیە گرانەکان ).

١١.لامەرکەزیەت زیادبکرێت لەوەزارەتی تەندروستی و بنکەکانی تەندروستی بگرێتەوە .

١٢ . میلاکاتی دەستەی ژینگە دەقا ودەق وەك سالَی پار نووسراوتەوە ( ١٥ ) کەس میلاکیان هەیە لەبودجە لەگەلَ ئەوەی ئەم دەستەیە بۆ هۆی گۆرانکاریەکان کیَشەی کارمەندی بۆ دروست بووە و پیَویستی بە میلاکاتی زیاتر هەیە بۆ ئەم سالَیش دەرچووانی ( علوم ژینگە ) دەتوانریَ لەم دەستەیە دا بمەزریَن .

١٣. پارەیەك تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی خول وهۆشیاری ژینگەیی .

١٤. دابین کردنی  پیَداویستی تاقیگەکانی سەر بەدەستەی ژینگە بۆ کاراکردنی کارەکانیان وپشکنینی ژینگەیی .